


# ئاوێنەی سمارتی ئۆتۆمبێل ئاسانکاری بۆ شۆفێران دەکات

بەپێشکەوتن و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای سەردەم، گۆڕانکاری لە بەشێك لە پارچەکانی ئۆتۆمبێلیشدا پێکدێت، وەك هۆشمەند بوونی گلۆپەکان، فلچەی خاوێنکردنەوە، ئاوێنەی ئۆتۆمبێل و ...تاد. لەم دواییەدا کۆمپانیای spioneer ژاپۆنی ئاوێنەیەکی سمارتی بۆ ئۆتۆمبێل چێ کردووە کە لە یەك کاتدا سیستەمی دۆزینەوەی ڕێگە واتە GPS و ئاوێنەیەکی سمارتیشە. ئاوێنەکە لە گشت ئۆتۆمبێلێك دەخرێت، شاشەکەی 5 ئینجە، سیم کارت دەخوێنێتەوە، پشتیوانی لە تۆڕی G4یش دەکات، هەروەها ئەو کامێرایانەی کە لە پشتەوەی ئاوێنەکە دانراون، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی گوگڵ لەپەیوەندیدا دەبێت و پێشنیار بەو شۆفێر دەکات بە چ ڕێگەیەکدا بڕوات و لە قەرەباڵغی ڕێگەوبان ئاگاداری دەکاتەوە.

# مامۆستایەکی ڕاهێنەری وەرزش لە مەچەکدا!

بازنە دیجیتالییەکان واتە ئەو مەچەکبەندانەی کە وەك بازن لە دەست دەکرێن و ئەرکی پێوانەی مەودای ڕۆیشتوو و وزەی بەفیڕۆدراو، لێدانی دڵ، ژماردنی هەنگاوەکان و...تاد ئەنجام دەدەن، لەم دواییەدا جۆرێکیان بەرهەمهاتووە کە جگە لەوەی ئەم ئەرکانە، ئەنجام دەدات خووە پەسندنەکراوەکانیش لە کۆڵ خاوەنەکەی دەکاتەوە، مەچەکبەندی جۆری pavlok لەکاتی ئەنجامدانی خوویەکی نارێك، زەنگێك لێدەدات، یان دەلەرێتەوە، یان شۆکێکی ئەلکترۆنی لە خاوەنەکەی دەدات. لە خووە ناگونجاوەکانیش وەك کات بەفیڕۆدان، دانیشتن بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێك، جگەرەکێشان، زۆر خواردن و...تاد. ئاگادارت دەکاتەوە. ئەمانە کۆمپانیاکە تێیدا جێگیری کردوون، هاوکات دەکرێت چ کردارێك کە لەلای خاوەنەکەی بە ناشایستە دەزاندرێت، تێیدا خەزن بکرێت و تاکو مەچەکبەندەکە خاوەنەکەی لە ئەنجامدانی کردارەکە ئاگادار بکاتەوە.





(پەهبەهاد) بە فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان دەگوترێت كە لە ڕێگەی دوورەوە كۆنترۆڵ دەكرێت، جگە لە (پەهبەهاد) فڕۆكەیەكی دیكەی كۆنترۆڵـــی هەیـــە كە مەودای فڕینـــی كورت مەودایە و ســـوودی نیزامی لێنابیندرێـــت و كاری فیلم هەڵگرتنەوەی پێدەكرێت. ئەم جۆرە فڕۆكانە بە مۆبایل یـــان تەبلێت كۆنترۆڵ دەكرێن، ئەوانیش قەبارەیان تا رادەیەك گەورەیە، بە جۆرێك لە گیرفاندا جێگەیان نابێتەوە، بەڵام لـــەم دواییەدا فڕۆكەیەك لەم جۆرە فڕۆكانە بەرهەمهاتووە كە بە فڕۆكەی Anura ناســـراوە و بەقەد مۆبایلێك دەبێت، بەهۆی ئەم فڕۆكەوە دەكرێت فیلم و وێنە لە ڕێگەی دوورەوە هەڵبگیردرێتەوە و لەســـەر شاشـــەی مۆبایلەكەت هەر لە كاتی هەڵگرتنەوەدا سەیری بكەی.




# فڕۆكە بێ فڕۆكەوانەكە لە گیرفاندا!




# شێرەی ئاو و تەكنەلۆژیای سەردەم

ڕەنگـــە لە زەینی كەســـدا نەبووبێ كە ڕۆژێك دادێت، شـــێرە، یان (بەلووعە)ی ئاویش هۆشـــمەند بێ و لەگەڵ سیستەمی تەكنەلۆژیای سەردەم بگونجێ.

ســـاڵانە نزیكەی 500 ملیۆن كەس بەهۆی پیسی و ئالوودەبوون بە بەكتریاوە گیانیان لە دەســـت دەدەن، ئەگەر ئەوانە بتوانن تەنیا خۆشـــۆردن، یان لانیكەم دەستەكانیان لە ڕۆژدا بە باشـــی بشـــۆن، تووشی ئەم كارەساتە نابن، دەســـت بە ئاوشۆردن تەنانەت ئەگەر ســـابوونیش نەبێت، دەبێتە هۆی زیادكردنی بەكتریاكان، بەڵام دەست شۆردن لەبەر شێرە (بەلوعە)ی iWash تایبەتمەندییەكی دیكەی هەیە.

شـــێرەی ئـــای-واش هەركە دەســـتت لەبەردانا لە پشـــت لێنزێكی گـــەورەوە كە مایكرۆسكۆبێكی بەهێزە دەتوانێ میكرۆب و بەكتریاكانی سەر پەنجەكانت ببینێ، هەتا ئەو كاتەی كە بەكتریا و میكرۆبەكان لە سەر پەنجەكانت بن، گڵۆپی سەر شێرەكە ڕەنگی سوورە، ئەگەر بەپاكی دەستەكانت بشۆی، ڕەنگەكە بۆ سەوز دەگۆڕدرێت.

# پرۆگرامێک بۆ سڕینەوەی شوێن پێیەکانت لەسەر کۆمپیوتەر




سەردەمی خۆی کەسێك کە نیازی هەبا لە ڕۆیشتن بۆ جێگەیەك شوێن پێیەکانی بزر کردبا، زۆر شێوازی تایبەتی بەکار دەهێنا، لەم سەردەمەشدا کە جیهان بەرەو دیجیتالی دەڕوات، کەسێك کە نیازی بێت، کەس هەست بەوەی نەکات چ کارێکی لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجامداوە، سەری لە چ سایتێك داوە، چ پرۆگرامێکی کردۆتەوە، چ وێنەیەکی سەیر کردووە، ئەوە پرۆگرامی East-Tec Eraser بژاردەیەکی باشە بۆ سڕینەوەی گشت فایل و زانیارییەکان بەبێ ئەوەی بکرێت، بیانگێڕیەوە.

پرۆگرامی ناوبراو گشت شوێن پێیەکان مەبەست لە شوێن پێ واتە ئەو کردارانەی کەلەسەر کۆمپیوتەر ئەنجامت داون، بە ئاسانی دەسڕێتەوە، بەتایبەتی پرۆگرامەکە بۆ ئەو کەسانە سوودی هەیە کە کۆمپیوتەری تایبەت بەخۆیان نییە و کۆمپیوتەرێك هەیە کە زۆر کەس سوودی لێوەردەگرن و حەز ناکەن کەسی دوای خۆیان بزانێت چ سایتێکی کردۆتەوە، یان چ پرۆگرامێکی بەکارهێناوە.

بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- بە ئاسانی و بێ شارەزاییەکی ئەوتۆ سوودی لێوەردەگیردرێت.
- بردنەسەری کارایی سیستەم بە سڕینەوەی فایلە بێ سوودەکان.
- هەموو پرۆگرامەکانی دۆزینەوەی سایتەکان دەخوێنێتەوە.
- فایل و داتای زیاتر لە 200 جۆرە بەرنامە دەسڕێتەوە.
- سڕینەوەی چاتەکان لەسەر فەیسبووك و مەسەنجەرەکانی دیکە.
- توانای سڕینەوە و نەگەڕانەوەی فایلێك بەتەواوی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێکی بۆ هاتۆتەپێش و دەڵێت هۆکاری چییە بە خێراییەکی زۆر وزەی باتری مۆبایلەکەم دادەبەزێت، گەرچی مۆبایلەکەشم تازە کڕیوە؟ هەرچەندە پێشووتریش وەڵامی پرسیاری لەم شێوەیە دراوەتەوە، بەڵام دووبارەی دەکەینەوە.

خوێنەری بەڕێز هۆکارەکانی دابەزینی وزەی باتری مۆبایل بەتایبەتی مۆبایلە هۆشمەندەکان زۆرن، وەك تەڕبوونی باتری، یان کرانەوەی پرۆگرامێکی نهێنی لە مۆبایلەکەتدا بەتایبەتی پرۆگرامی سیخوڕی، بەڵام بۆ ئاگاداری بەڕێزت و خوێنەرانیش گەورەترین هۆکاری دابەزینی باتری مۆبایل بەتایبەتی کە دەڵێی مۆبایلەکە نوێیە، بەکارهێنانی کۆمەڵێك یاری ئەکشنە، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند یارییەك دەکەین. یاری (ئازادکردنی باڵندەکان) لە ماوەی 2 کاتژمێردا باتری بەتەواوی دادەبەزێنێ، یاری (کەندی کراش)یش هەر بەو ماوەیە باتری دادەبەزێنێ، یاری (فروت نینجا)ش هەربەم چەشنەیە. بۆ ئاگاداریتان ئەگەر ئەم یارییانە نەشکرێن دیسان، چونکە شوێنێك لە RAMی مۆبایل دادەگرن هەر ئەم گرفتانەی هەیە. چاککردن لەسەر مۆبایل بەهەر پرۆگرامێك بێت وزەی مۆبایل دادەبەزێنێت.



## ئولترابووکێکی نوێ لە لینۆڤۆوە

ئولترابووك، ئامێرێکە لە نێوان لاپتۆپ و تەبلێتدا، دیارە بە شێواز و ستایل هەروەك لاپتۆپ دەچێت، جیاوازی لەنێوان لاپتۆپ و ئولترابووك لەوەدایە کە کێشی کەمترە و تەنکترە.. شوێنی دانانی DVD تێدا نییە.

کۆمپانیای Lenovo لەم ماوەیەدا نوێترین ئولترابووکی خۆی بەناوی hoga 3 هێنایە بەرهەم کە شاشەیەکی 13 ئینجە. ئولترابووکەکە لە ڤێرژنی پێش خۆی 14% کێشی کەمترە و 17% تەنکتر بۆتەوە. چونکە کێشەکەی تەنیا 19 گرام لە کیلۆیەك زیاترە. کوالیتی نیشاندان لەم لاپتۆپەدا زۆر لە سەرێیە و ستایلەکەی بە جۆرێکە کە دەکرێت 360 پلە بنووشتێتەوە بە جۆرێك کیبۆرد و شاشەکە بکەونە سەریەك و بکرێت وەك تەبلێت سوود لە لاپتۆپەکە وەربگیردرێت. باترییەکەی هەتا 9 کاتژمێر شەحنەکەی بەتەواوی دانابەزێت.



# ساڵی لەدایک بوونت چ لە جیهان روویدا؟

حەز دەکەی بزانی ئەم ساڵەی کە تۆ تێیدا لەدایك بووی لەم جیهانە پڕ ئاژاوەیەدا چ روویداوە، ئایا ساڵێکی نەهامەتی بووە یان ساڵێکی پڕ خۆشی، بۆ ئەم مەبەستە سەر لە سایتی whathappenedinm-birthyear.com بدە. لەم سایتەدا لە بۆکسێکدا ساڵی لەدایك بوونی خۆت بنووسە، پاشان سایتەکە پێت دەڵێت کە لەم ساڵەدا چ فیلمێك چێکراوە، چ کەسایەتییەکی مەزنی جیهانی مردووە، چ بەرهەمێکی ناوازەی هونەری لەگەڵ تۆدا لەدایك بووە. چ رووداوێکی ئابووری گەورە بەسەر جیهان و ئەو ناوچەیەی کە تۆی لێی دەژی هاتووە، چ رووداوگەلێکی سیاسی لە جیهاندا روویانداوە. ئەم سایتە زۆر زانیاری دیکەشت دەداتێ یان لینکی زانیارییەکانت بۆ نیشان دەدات کە خۆت سەردانیان بکەی.







# تەبلێتیش داتاشۆی هەیە

بەهۆی کێشی کەم و هەڵگرتنی ئاسان و توانای زۆرەوە پێدەچێت تەبلێت جێگەی لاپتۆپ بگرێتەوە، چونکە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەبلێت هەر جارە و ڤێرژنێکی نوێ و ستایلێکی نوێ لە تەبلێت دەخەنە بازاڕەوە.

لەم دواییەدا کۆمپانیای لینۆڤ تەبلێتی جۆری Yoga tablet2ی خستە بازاڕەوە کە توانایی و کاراییەکەی زۆر لەسەرێیە. تەبلێتی ئاماژەبۆکراو شاشەکەی 13 ئینجە، دوو سیستەمی ئەندرۆید و ویندۆزی لەسەرە، جگە لەوەش داتاشۆیەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵدایە لەگەڵ جووتە بڵندگۆیەك کە تەبلێتەکەی وەك ستریۆیەکی بەهێز لێدەکات کوالیتی شاشەکەی لە جۆری QHDیە.